سەنتەر Senter
No.(7). August.2007
ژماره(٧) ئاب ٢٠٠٧
بلاْوكراوەيەكە سەنتەرى گەشەپێدانى چالاكى لاوان دەريدەكات

# بەشی هونەریی سەنتەری گەشە پێدانی چالاکیی لاوان و پرۆژەیەکی نمونەیی



بەشــی هونەریــی ســـــــەنتەری گەشەپێدانی چالاکیی لاوان بــە هاوکــاری ســتۆدیۆی ســەنتەرو گروپی زریـانی پارسـا لە هـەنگاوێکی نوێـدا پرۆژەی نمایـشکردنی چـــەندین فیلمـــی دۆبلاژکــراوی کــوردی دەســـتپێکردووە. بـــە میوانداریـــــــــی ژمارەیــەکی زۆر لــە خێزانــە بەرێزەکانــی شاری سـلێمانی، ئـەم فیلمانە ئێوارانی پێنـج شـــــــــەممان نمایشدەکرێن‌و تـاکو ئێـستا فیلمەکانـی (خانمی بچووک، دێوانەیەك لە قەفـەس هەڵهات) لە باخچەی سەنتەر نمایشکراون. شایانی باسە هەموو ئـەو فیلمانـەی کـە هەڵبژێردراون لەم پرۆژەیـەدا پێـشکەش بە تەماشاچییانیان بکرێت باس لە پێگـەی ژن لە کۆمەڵگای ئێرانی هاوچـەرخ‌و ئـەو نەهامەتی‌و ئاستەنگانەی کە رووبەڕووی ئافرەتان‌و لاوان دەبنەوە هەر لـە سـەرەتای دەســـتپێکردن بـــە ژیـــانی هاوســـەرێتی بەردەوامبوونی.

لەمبارەیەوە دانا مسـتـەفـا لـێـپـرسـراوی ستۆدیۆی سەنتـەر وتـی "مـەبـەسـت لـە نمایشکردنی ئەم فیلمانە سـەرەڕای ئـەوەی کە رەخساندنی ئێوارەیەکی هێمن‌و خۆشە بۆ چەندین خێزانی بەرێزو دوورکەوتنەوەیە ئەگەر بۆ چـــــەند ساتێکیش بێت لە گیروگرفتەکانی ژیان ئـەوا هـەنگاوێکی تـری نموونەیی ستۆدیۆیی سەنتەرە لە پێناو زیاتـر خزمەتکردن" فیلمی دێوانەیەك لە قەفـەس هەڵهات، کە لە لایەن گروپی زریانی پارساوە کراوە بە کوردی‌و ئێـستا لـە سـەنتەرەکانی بلاْوکردنەوەدا دەستدەکەوێت.







# لە بلاْوکراوەکانی سەنتەری گەشە پێدانی چالاکی لاوان

## لاوی سەرکردە یان ( .... ) ی ئاینده

زۆر جار کات و شوێن مانا دەبەخشێتە چەمك و وشەکان ، ئیتر ئەو بەخشینە هێندەی جار باش دەکەوێتەوەو زۆربەی کاتەکانیش بە خراپ بەسەر وشەکاندا دەشکێتەوە تا وەهای لێدێت ئەو چەمکە مانای راستەقینەی خۆی لە دەستدەدات و بە واتایەکی دیکە بەکار دەهێنرێت ، بۆ ئەوەی زۆر درێژە بە پێشەکی بابەتەکە نەدەین واباشترە بە خێرایی قسە لە سەر مەبەست بکەین ، سەرکردە یا خود بەرپرس یەکێکە لەو شانەی کە ئێستا مانای راستەقینەی خۆی لە دەستداوەو بەبیستنی هەریەکێك لەم وشانە راستەو خۆ بیرت بۆ چەندین شتی خراپ دەچێت و بە دەگمەن بیر لە شتی چاك دەکرێتەوە ، ئەمەش ناهەقی وتن نییە بەرامبەر ئەو دوو وشەیە چونکە بۆ خۆیان ئێستا ئەوە کاریانەو ئەو مانایەیان بەخشیوەتە ( سەرکردەو بەرپرس ) .

سەردەمانێك لە گەڵ هێنانی ناوی سەرکردەدا دونیایەك لە مانای جوان هەر لە سەرکردەیی و پێشڕەوی و خزمەتکردن و بۆ خەڵك ژیان و توانەوەو .... دونیایەك لە مانای جوانتر دەهاتە بەر زیهن ، بەلاْم ئێستا پڕاوپڕ ئەو مانایە پێچەوانە بووەتەوەو پێویست ناکات کارو ئەرکەکانی سەرکردە بنووسینەوە چونکە هێندە زۆرن پێدەچێت لەبەر نەبوونی کات و شوێمن هێندێکمان لە بیر بچێت و بکەوینە بەر گلەیی سەرکردەو بەرپرسە بەرێزەکان کە کارەکانیانمان لە بیر چووە چونکە زۆربەیان لە دەرەوەی سنوری کوردستانی گەرەشن ،

لەم رۆژانەدا سەنتەری گەشە پێدانی چالاکی لاوان بە هاوکاری NDI ئەمریکی دەستی کردووە بە ئەنجامدانی پرۆژەی پێگەیاندنی لاوی سەرکردە ، بەبیستنی ئەم هەواڵە هەموومان بیرمان بەلای ئەوەدا دەچێت کە ئەم ولاْتە هێندە سوودی بە دەست سەرکردەکانی ئێستایەوە نەیدوە تاکو بە دەست سەرکردەکانی ئایندەیەوە بیبینێت ، بەر لەوەی ئم بیرەمان بکەینە بریارو بلێین لاوی سەرکردە یان ( ....) ئاینده پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکەین ئەوەی ئیمرۆ ئێمە بە دەستیەوە دەناڵێنین بەری دوێنێیە ، ئەوەی ئەم پرۆژەیە بە نیازە ئەنجامی بدات دەبێتە بەری ئەمرۆ کە سبەینێ دروێنە دەکرێت ،خۆ ئەگەر سەرکردەکانی ئەمرۆش لە دوێنێدا کۆرسی ڕاهێنان و پێکهێنانیان بۆ ئەنجام بدرایە بێگومان ئەوانەی ئێستا دەرنەدەچون ، لە گەڵ ئەوەیدا کە هێشتا ئێمە خاوەنی چەند سەرکردەیەکی باشین .